# پاڵەوانی جۆی شۆڕێ

## بەسەرهاتی دوو پیاوی کورد بۆ ئەوەی بگەن بە کچی دەستەلاتدارێک

**هیوای بالەک**

ئەگەر سەرنجێک بدەینە سنووری باڵەکایەتی زۆر شوێن و ئاسەواری مێژوویی لێیە، وەک: ئەشکەوت، قەلات، جۆگەئاویەکانی، کە سەرنج ڕاکێشن، هەموو خاوەن هەستێک پەی پێدەبات، کە ئەم شوێنە جێگای پێشکەوتن و شارستانیەت بووە، ئەمە جگە لە ئاو و هەوای سازگاری کە لەهەر چوار وەرزیدا ژیان نەک هەر لێ ئاساییە، بەڵکو ژیان لەوێ لەوپەڕی دڵنەوایی و شادی دەگوزەرێت، بەڵام بەداخەوە ناوچەی باڵەکایەتی زۆر جار کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمنکارانەی داگیرکەران، هەر لەم دوو سەدەی ڕابردوودا چەندین کارەسات و نەهامەتی بەسەر هاتووە، وەک داگیرکردنی لەلایەن ڕوسیای تزاری لە ٨ی ئایاری ١٩١٦، هەروەها شاڵاوی بۆمباران و کاولکردن لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، ڕاگواستنی لادێکانی لە ساڵی ١٩٧٧ ، پاشان بەرداشی هەردوو شەڕی عێراق و ئێران بووە.

زۆرن ئەو پەندانەی کە پێشینەیەکی مێژوویان هەیە، ئێستا کەم کەس ڕەگ و ریشەیان دەزانێ، یان بە درێژایی مێژوو جۆرێک لە گۆڕانکاری و بەهەڵە لێکدانەوەیان بۆ کراوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەپەندی پێشینان و هۆکاری سەرهەڵدانیان و پەیدابوونی ئەو پەندانە ئەرکی مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی ئەدەب و تەنانەت کۆمەڵناسانیشە.

پەندێک یان ئیدیۆمێک، کە زۆر لە ناوچەی باڵەکایەتی بەکاردێت، **"پاڵەوانی جۆی(جۆگەی) شۆڕێ"یە**، ئەو پەندە وەک کنایەیێک بەو کەسانە دەگوترێت کە توانای ئیشکردنیان هەبێت، ماندوبوون پێیان نەوێرێت، لە هەمان کاتیشدا لەکاتی کارکردن بۆ ئەوەی ئیشەکەیان سەربگرێت جۆرێک لە فێڵ و تەکتیک بەکاردەهێنن.

سەرگوزشتەی ئەو پەندە وەک پیر و پێشینانی باڵەکایەتی دەیگێڕنەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر لە دەڤەری باڵەکایەتی پاشایەکی بەتوانا حکومڕانی کردووە، سنوری قەڵەمڕەوی ئەم پاشایە لە ڕۆژئاوا تا ڕواندز و لە ڕۆژهەڵاتیش تا دەشتی سندوس بووە، ئەم پاشایە ویستویەتی بۆ هەردوو گوندی **"وەردێ و شۆڕێ"** پرۆژەی ئاو بکێشێ ئەو کات تەنیا دەبوایە جۆگای ئاو لێ بدرێت بە تەور، پێمەڕەو بێل(خاکەناس)، گوندی شۆڕە ناوی (خۆشکانە) بووە، شۆڕە لە خوارەوەتر بەرەو لای دەربەند بووە، کە ئێستا پێ دەڵێن (کەندەباوە) هەڵبەتە جۆگەی شۆڕە لە بن هەڵگۆرد بە ڕووی (گوندە ژۆر)دا، بناوانی هەڵبستراوە و دێتەوە دیوی (ناوەندە) گۆڕی (خواری میران)، لەوێش دێتەوە چیای (کاڵیدەر_سێوۆک) تاکو دێتەوە بەرووی (دۆڵەبۆن)، گوندی (شۆرە) لە ئاشگێڕێک ئاوی زیاترە. جۆگەی وەردێ لە بناری هەڵگۆرد لەناوجەرگەی زەوی و زاری خەڵکی ناوەندا دەست پێدەکات، سەروچاوەکەی لە (نێڵەمیر) دێت بەرەو ڕوبەڕوی گوندی ناوەندە و دێتەوە (ملەکی) وەردە، ئینجا شۆڕدەبێتەوە گوندی (وەردە)، ئاوێکی زۆرە و دوو سێ ئاشی لە بەردەگەڕێن، ئەم دوو جۆگە ئاوە نەبێت هەردوو گوندی (شۆرە)و(وەردە) بۆ کشتوکاڵکردن بێ ئاو دەمێنن، پاشای باڵەکایەتی بڕیار دەدات و دەڵێت:" **هەر کەسێ کێبڕکێ بکات، لەم دوو جۆگەیە کێ پێشتر جۆ بگەێنێتە هەردوو گوندەکە خەڵاتی دەکەم، کچەکەی خۆمی دەدەمێ."** پاشا دوو پاڵەوانی بەناوبانگی هەبوە، بانگیان دەکات و هەر پاڵەوانە شوێنێک هەڵدەبژێرن و دەست بەکاردەبن هەر چەندە جۆگای وەردێ نزیکترە ئەگەرچی هەندێک چەقەڵ و کەمە شاخیشی لەبەرە، بەڵام هەر چۆن بێت پاڵەوانی جۆگای وەردێ دێت ئاو نزیک بە ملەکی وەردێ دەکاتن، کە نزیکە ئاو دیوی بکات، پاڵەوانی جۆی شۆڕێ هێشتا زۆری مابوو بیردەکاتەوە و دەچێت تۆپە خەزنەیەکی زۆر سپی و نوێ دەکڕێ و لەبەرانبەر جۆی وەردێ لە (سێووک) تۆپە خەزنەکە بە کەلێنی شاخدا شۆڕدەکاتەوە و لە کاتی ڕۆژدا بەرەو ئێوارە دەچێت، پاڵەوانی جۆگای وەردێ تەماشا دەکات، وا دەزانێ پاڵەوانی جۆگای شۆڕێ ئاوی گەیاندۆتە نزیک شۆرە، چونکە خەزنە سپیەکە بە وێنە لە دوور دیاری دەکات ئیتر پاڵەوانی جۆگای وەردێ لە هەژمەتان تەورێک لەسەری خۆی دەدات و خۆی دەکوژێت، بەو شێوەیە پاڵەوانی جۆگای شۆرە سەرکەوتوو دەبێت، تا ئیستاش تەنها ئەو گێرانەوەیە بۆ گەیاندنی ئەو جۆگانە هەیە، خەڵکی ناوچەکەش پێیان وایە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، ئێستاش هەردووجۆگاکە ماون و هەریەکە لەم گوندانەی وەردێ و شۆرە،سود لەم دوو جۆگا ئاوە وەردەگرن.